ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

## کەنیسەیەکی تر بۆ میسرییەکان. مزگەوتی بێناز.. پێشنیارێکیش بۆ دەورێکی گەورەتری زانایانی ئیسلام

**فازل قەرەداغی**

هەفتەنامەی کۆمەڵ، ژمارە ٢٨١، ٢٠٠٧/٧/١٤، لاپەڕە ٧، لەگەڵ پاشماوەی باسەکە لە لاپەڕە ١١.



کورتەی باسەکە: هەواڵێك سەبارەت بە کەنیسەیەکی نوێ لە سلێمانی بۆ چەنگێك مەسیحیی میسری لە گەڕەکێکدا مزگەوتی تێدا نییە، وەزارەتی ئەوقافیش بەربەست لەبەردەم دروستکردنی مزگەوتدا دادەنێت. چۆن مامەڵە لەگەڵ مەسیحییە کۆنەکانی کوردستان بکەین کە هاووڵاتیی ڕەسەنی کوردستانن. دەوری مامۆستایانی ئاینی چییەو چۆن بتوانین ئەو مامۆستایان بەهێز بکەین بەو شێوەیەی هەڵوێستی بەهێزیان بەرامبەر ڕووداوەکانی کۆمەڵگە هەبێت.

سەرەتا بە هەواڵەکانەوە دەست پێدەکەم:

هەواڵی یەکەم: دێرێکی گەورە دروست دەکرێت:

لەسەر پێشنیاری بابا شنۆدەو هەندێك لە مەسیحییەکانی میسرو کوردستان پارێزگای سلێمانی ڕەزامەندیی دەربڕیوە لەسەر دروستکردنی دێرێکی گەورە لە شاری سلێمانیو لەگەڵ ئەم دێرەدا قوتابخانەیەکی سەرەتاییش لەسەر بودجەی کەنیسەی بابا شنۆدەی میسر لە سلێمانی دروست دەکرێتو دەدرێت بە پەروەردەی سلێمانیو بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکەش هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕەزامەندییان دەربڕیوەو تەنها ماوەتەوە سەر شوێنی پرۆژەکە کە ڕووبەری (٢٠٠٠) مەتر دووجا زەویی دەوێتو پرۆژەکەش دەزگایەکی خزمەتگوزاریی گەورەیە بۆ هاووڵاتیانو لەم هەفتەیەدا دەچێتە چوارچێوەی جێبەجێکردنەوە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ ٤٣٠٧ لە ٢٠٠٧/٦/٢٩، لاپەڕە ٣).

پاشکۆی هەواڵەکە: شوێنەکە لە خوار گەڕەکی چوارچرا دەستنیشان کراو یەکێکە لە پێنج پرۆژە کە هیچیان مزگەوتێکی تێدا نییە.

هەواڵی دووەم: وەزارەتی ئەوقاف مەرج بۆ دروستکردنی مزگەوت دادەنێ:

بەپێی نووسراوی ژمارە ٤٠٦٠ ی ڕۆژی ٩/ ٢٠٠٦/١٠ پێویستە دروستکردن یان تازەکردنەوەی ئەو شوێنانە(مزگەوتو تەکیەو هۆلی بۆنەو خانووی ئیمام و شوێنە ئاینییەکان ) بە ڕەزامەندیی وەزارەتی ئەوقاف بێ ئەگینا ئەو خێرخوازە دەدرێتە دادگا... سەرچاوەیەك لە وەزارەتی ئەوقاف بە (میدیا)ی وت: بەپێی ئەو ڕینماییانە لەمەودوا دروستکردنی مزگەوت ئاسان نابێت (هەفتەنامەی میدیا ٢٦٢ لە ٢٠٠٦/١٠/١٧ ل٢).

جگە لەو بڕیارەی وەزارەتی ئەوقاف بڕیاری تر دراون، بەڵام لێرەدا ئەوەمان بەسە.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە دێرەکە یەکێکە لە پێنج پرۆژە کە هیچیان مزگەوت نین. بەواتایەکی تر لەو گەڕەکەی کە تاکە نەفەرێکی مەسیحیی لێ نییە ٢٠٠٠ مەتر بە کەنیسەیەك دەبەخشرێت بەڵام نیو بست بۆ نیو مزگەوتێك دانانرێت. ئەوقافیش چەند مەرجێکی قورسی داناوە بەجۆرێك دەوڵەمەندان ناتوانن مزگەوت دروست بکەن، بۆ نموونە پێویستە ڕووبەری مزگەوتەکە ٢٠٠٠ مەتر دووجا کەمتر نەبێت (وەك بڵێیت خواپەرستی لەسەر ٢٠٠٠ مەتر نەبێت دووجا دروست نییە)، پێویستە بیناکە چەند مەرجێکی تایبەتی هەبێت، پێویستە مزگەوتەکان چەند لەیەکەوە دوور بن.. تاد.

بەمجۆرەش دروستکردنی مزگەوت وەکو دروستکردنی دەواجنێك لە جەرگەی شاردا قورس دەبێت، مژدەکەی ئەوقافیش کە ((بەپێی ئەو ڕینمایانە لەمەودوا دروستکردنی مزگەوت ئاسان نابێت)) بە سەرکەوتوویی بەجێهێنرا.

سەرەتاش بەکورتی باسی ئەو داهێنانە مەزنە لە جیهانی ئیسلامییدا دەکەم ئەویش پێکهێنانی وەزارەتێك بەناوی ئەوقافەوە کە مەبەستی یەکەمی دوورخستنەوەی ئیسلامو بنەماکانی بوو لە کاروباری دەسەلاتداران، لەهەندێك ولاتی ئیسلامیشدا بۆ ڕێگەگرتن لە ئیسلامو هێشتنەوەی لە سنووری تاکە کەسەکاندا، بێگومان بێئەوەی ئەو ولاتانەمان لەبیر بچێت کە ئەو سنوورەی ژیانی تاکەکان بە زەوییەکی فراوان دەزانن‌و خۆیان دەخننە تەنانەت بیروباوەڕی ئاینیی تاکەکان.

جێگەی سەرسوڕمانە کە لە ولاتێکی موسلماندا بەشانازییەوە کەسێك بدرێتە دادگا کە بێ ڕەزامەندیی ئەوقاف مالێکی خوا دروست دەکات، لەکاتێکدا دەکرێت ئیجرائی تری لەگەلدا بکرێت جگەلەوەی وەکو تاوانبارێك هەڕەشەی دادگایی کردن. ئەوقاف نەك تەنها ئەو هەڕەشەیە دەکات بەلکو ئەوەتا تەنانەت وەك مژدەیەك بە ناحەزانی مزگەوت بدات دەلێت: ((بەپێی ئەو ڕینمایانە لەمەودوا دروستکردنی مزگەوت ئاسان نابێت)). خوێنەر لە دووبارەبوونەوەی ئەم ڕستەیە بێزار نەبێت چونکە ئەم ڕستەیە کرۆکی مەسەلەکەیە.

خۆم یەك دوو جار لەگەل وەزیری ئێستای ئەوقاف ئێستا، ئەو کاتەی وەزیری ڕۆشنبیری بوو لە حکومەتی سلێمانی، دانیشتبوومو بۆچوونم لەبارەیەوە ئەوە بوو کە کەسێکی هێمنەو گوێ بۆ خەلك دەگرێت، بەکورتی کەسێکی میانڕەوە، بۆیە کاتێك زانیم شێخی شاکەلی بۆتە وەزیری ئەوقاف حکومەتی یەکگرتوو ئومێدم هەبوو کە کێشە ئەزەلییەکانی ئەوقاف لەگەل مزگەوتدا نەمێنن بەلام دوایی کە ئەو بڕیارە توندڕەوانەم بینی زانیم یان من بەهەلەدا چوومو وەزیری ئەوقاف ئەو کەسە میانڕەوە نییە، یانیش هەلە نەبووم بەلام کەسانێك لەناو وەزارەتدا ئەو بڕیارانەی پێدەدەن، هەر کامێکیشیان بێت نەدەبوا بەندەیەکی خوا کە نازناوی شێخی هەلگرتووە ئەو مەرجە قورسانە بۆ دروستکردنی مالی خوا دابنێت.

خوێنەریش دەتوانێت ئەو بڕیارە لەگەل دروستکردنی کەنیسەیەکی نوێ لە سلێمانی بەراورد بکات تا بزانێت هەلوێستی حکومی لەبارەی مزگەوتەوە دۆستانە نییە. لەڕاستیشدا هەر کەسێكو بەدوای ئەو شتەدا دەگەڕێت کە حەزی لێیەتی. نموونەی ئەو خێرخوازەش هەبووە کە ناچار بووە بۆ دروستکردنی مزگەوتێك پەنا بۆ بەرپرسی زۆر گەورە بەرێت چونکە بەرپرسێکی تر ڕێگەی پێنەداوەو وتوویەتی پێم خۆشە (...خانە) دروست بکرێت نەك مزگەوت.

ئێستاش لە شاری سلێمانیدا کەنیسەکان دەبنە چوار، ژمارەکەش بۆ خۆی جێگەی سەرنجە بەلام لەوە گرنگتر جۆری ئەو کەنیسانەیە. مەسیحییەکانی سلێمانی بریتین لە کلدانی‌و ئاسووری‌و ئەرمەنی، بەلام زۆربەیان کلدانین‌و ئێستا بەپێی سەرچاوەیەکی مەسیحییەوە نزیکەی (١٠٧) مالن. زووتر کەنیسەکەی سابونکەران هەبووە کە ناوی **(مریم العذراء)**ـە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، لەم سالانەی دواییشدا کەنیسەی (مار یوسف) تەنیشت هۆلی ڕۆشنبیریی سلێمانی دروستکرا. ئەو دوو کەنیسەیەش هی مەسیحییە کلدانییەکانن، کە مەزهەبەکەیان کاسۆلیکییە، مەسیحییەکانی تریش سەردانییان دەکەن. ئەوانە خەلکی ئەسلیی سلێمانین‌و لەکۆنەوە بەتەبایی لەگەل کوردە موسلمانەکانی شارەکەدا ژیاون. ئەو مەسیحییانەش هێندە لە کوردە موسلمانەکانەوە نزیکن وا دەزانی کوردن، کەسیش لە سلێمانی نییە ناوی کەریمی عەلەکەی نەبیستووە کە کەسایەتییەکی ناوداری شارەکە بووەو جگەلەوەی وەزیرێکی حکومەتەکەی شێخ مەحموود بووە وەکو کەسێکی خێرخواز ناسرابوو و بەتایبەتی لەکاتی گرانی‌و برسێتیدا خواردنی زۆری بە هەژاران دەبەخشی. خۆم کەسانێك لە مەسیحییەکانی سلێمانی دەناسم کە نەك تەنها ناوی کوردییان هەلگرتووە بەلکو لەوە ناوی کوردیشیان لە مندالەکانیان ناوە.

وەك وتم ئەو مەسیحییانە هیچ کێشەیەکیان لەگەل موسلمانەکاندا نەبووەو ئەوانە یەکێکن لەخاوەنی ئەسلیی شارەکە، بەلام ئافەرین بڕیاری نامەسئوول کە ڕێگەی بە دروستکردنی کەنیسەیەکی سێیەمی دابوو کە هی ئینجیلییەکانە لەکاتێکدا تا دوێنێ کوردستان نەیدەزانی مەسیحیی ئینجیلی چییە. ئەوانە مەسیحیی ئەمەریکین کە دەیانەوێت ئاین‌و مەزهەبی خۆیان



Zagros Web Site

بڵاوبكەنەوەو مەبەستێكی سیاسییان هەیە، ئە بۆتە هۆی نیگەرانیی مەسیحییە ڕەسەنەكانی كوردستان وەك كلدانییەكان لە سلێمانی هەروەها ئاسوورییەكان (كە مەزهەبەكەیان نەستوورییە) لە هەولێرو سۆران‌و بادینان. بەپێی سەرچاوەیەكی مەسیحیی باوەڕپێكراو كە نەیویست ناوی بەرم مەسیحییە ڕەسەنەكانی سلێمانی دژ بەو ئینجیلییانەن‌و دەڵێن ئەوانە بۆ مەبەستێكی سیاسی هاتوون، پێشتریش ئاسوورییەكانی هەولێر ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر بەو چالاكییانە دەربڕیبوو.

ئافەرینێكی تریش بۆ لەبیرچوونەوەی مێژوو كە بۆتە نەخۆشییەكی كوشندە. ئەو مێژووەی كە بەرپرسان دیارە لێی بێئاگان ئەوە بوو كە بیعسە تەبشیرییە ئەمەریكییەكان لە باكووری كوردستان كاتی دەوڵەتی عوسمانی هۆكارێكی سەرەكی بوون بۆ ناكۆكیی نێوان موسڵمانە كوردەكان‌و مەسیحییە ئاسوورییەكان، لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ یەك كتێب دەكەم ئەویش كتێبەكەی نووسەری ڕووسی خالفین (بە عەرەبی: الصراع على كردستان، بەكوردیش خەبات لەڕێی كوردستاندا كە ئەوە وەرگێڕانێكی هەڵەیە). كاتێكیش ڕێگە بەو جۆرە كەنیسانە بدرێت، لەولاشەوە مژدە بدرێت كە ((بەپێی ئەو ڕێنماییانە لەمەودوا دروستكردنی مزگەوت ئاسان نابێت)) نەك تەنها ئازاری هەستی موسڵمانەكان دەدرێت بەڵكو لەوە زیاتر مەسیحییە ڕەسەنەكانی كوردستان نیگەران دەكرێن، بەڵام لەوەش خراپتر هەیە: كەنیسەی ئینجیلی كەنیسەیەكی ئوسوڵیی پەرگیرەو دوور نییە ئەگەر لە كوردستان شوێن پێیەك بۆ خۆی بكاتەوە هەڵمەتی خاچپەرستیی خۆی دژی كوردی موسڵمان‌و مەسیحییە ڕەسەنەكان ڕانەگەیەنێت، ئەوەش لەگەڵ هەڵوێستی مەسیحییە ڕەسەنەكان بەراورد بكە كە شانزە ساڵە بەسەر ڕاپەڕین تێپەڕیوەو دەیانتوانی بەپشتیوانیی هێزەكانی دەرەوە خۆیان بسەپێنن بەڵام كە ئەوەیان نەكردووە چونكە خۆیان بە هاووڵاتیی كوردستان دەزانن، بەڵام چی لەگەڵ كەنیسەیەك دەكەیت لە ئەمەریكادا ئەوپەڕی بەهێزەو فشاری زۆری لەسەر سەرۆكەكانی ئەمەریكاو بەرپرسانی هەبووە تا كار گەیشتە ئەوەی ئیدارەی جۆرج بوش بەتەواوەتی بكەوێتە ژێر كاریگەرییەوە ؟

لەهەموو ئەوانەش خراپتر ئەوەیە كە هەڵوێستی جیاوازی دەسەڵات بەرامبەر مزگەوت‌و كەنیسە پاساوێكی بەهێز دەدەنە دەستی توندڕەوانی ناو ڕەوتی ئیسلامی بۆ ئەوەی شووڵی تەكفیر هەڵبكێشن، هەروەها هاندەرێكی خراپ دەبێت بۆ ئەو ئیسلامییانەی تا ئەم كاتە میانڕەون بەڵام شارەزای واقعی مەسیحییەكان نین‌و هەموو مەسیحییەكان بە یەك چاو تەماشا بكەن" ئەوانەی كە بەنیازێكی ئیستعمارییەوە هاتوون‌و ئەوانەی هاووڵاتییەكی ئەم خاكەن.

پێویستە بەرپرسان كەمێك مێژوو بخوێننەوە، خۆ ئەگەر خوێندنەوە سەریەشەیان بۆ دروست دەكات با وردتر بیر بكەنەوەو پێشەكی پرس بە خەڵك بكەن بە موسڵمان‌و مەسیحییەوە. لە بەرەكەی تریشدا پێویستە موسڵمانەكان بەگشتی‌و ئیسلامییەكان بەتایبەت وردتر تەماشای پەیوەندیی نێوان ئاینەكان بكەن‌و وەكو ئەوانە نەبن كە ئیسلام بەئارەزووی خۆیان تەفسیر دەكەن‌و جیاوازیی لەنێوان مەسیحییەكان ناكەن لەكاتێكدا خودا خۆی ئەو جیاوازییەی كردووە: ((لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُواْ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ قَالُوَاْ إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ- المائدة-٨٢. واتە: دەبینی دوژمنترین كەس بەرامبەر ئیمانداران جوولەكەو موشریكەكانن، دەشبینی كە نزیكترینیان لەڕووی دۆستایەتی‌و خۆشویستن ئەوانەی دەڵێن ئێمە نەصرانین، ئەویش چونكە ئەوانە قەشەو ڕەبەنیان هەیەو خۆیان بەگەورە دانانێن))، تەنانەت قورئان كە زۆر زەمی جوولەكە دەكات باسی هەندێكیان بە باشی دەكات: ((وَمِن قَوْمِ مُوسَى أُمَّةٌ يَهْدُونَ بِالْحَقِّ وَبِهِ يَعْدِلُونَ-الاعراف-١٥٩))، ئەوەش جگە لە چەند ئایەتێكی تر لەبارەی كەسانی سەرڕاستی ئەهلی كتاب بەگشتی. لەبەر ئەوە با ئەو بڕیارە نامەسئوولانە هانی موسڵمانەكان نەدەن ستەم لە غەیری موسڵمانان بكەن، حەزنەكردنی هەندێك بەرپرسیش بە مزگەوت تووشی كاردانەوەیەكی هەڵەیان دژ بە مەسیحییەكان نەكات، بەڵام ئەمە واتای بێدەنگبوون نییە چونكە پێویستە لەهەمان كاتدا ناڕەزایی بەرامبەر دەسەڵات دەرببڕن تا دەسەڵات وا نەزانێت جەماوەر نوستووەو ئەو وریای كوتەك بەدەستی سەرشەقامە تەختەكەیە.

Zagros Website

لەڕاستیشدا قسەی منو تۆ نەك تەنها بواری بڕیاری نامەسئوول تەسك دەکاتەوە، بەڵکو بەهانە بۆ ئەو کەسانەش ناهێڵێت بەناوی دیفاعکردن لە ئیسلام تەرحێکی پەڕگیر بەناو موسڵمانەکاندا بڵاوبکەنەوە. ئەو بڕیارە نامەسئوولانەشن کە لە جیهانی ئیسلامیدا بارودۆخی وڵاتەکان گرژ دەکەنو کەسانێك بەرهەم دەهێنن کە جەنگ دژی حکومەت دەکەنە جەنگ دژی هەموو کۆمەڵگە، بەم شێوەیەش هەڵوێستەکان بەرەو ڕەوتێکی ترسناك دەڕۆن کە تەڕو وشك پێکەوە دەسووتێنێت.

ئەگەر باسی کەنیسەی چوارەمیش بکەین کە بابەتی هەواڵی یەکەم بوو لامان سەیر دەبێت ئەو کوردانە کێن کە داوای کردنەوەی ئەو کەنیسە نوێیان کردووە چونکە میسرییەکان کەنیسەی قیبتیی خۆیان هەیە کە پەیوەندیی بە مەسیحییەکانی کوردستانەوە نییە، کەواتە ڕاست نییە : ((لەسەر پێشنیاری بابا شنۆدەو هەندێك لە مەسیحییەکانی میسرو کوردستان.. تاد))، خۆ ئەگەر ڕاست بێت پێویستە بڵێین کە میسرییەکانی کۆمپانیاکە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەیان هاتوونو ئێستا هەندێ کوردیان کردۆتە تابعی کەنیسەکەی خۆیان وەك چۆن ئینجیلییەکان بە پارە هەندێ کوردیان کردۆتە شوێنکەوتەی کەنیسەکەیان.

ئەو سەرچاوە مەسیحییەی سلێمانی کە نەیویست ناوی بڵاوبکەمەوە تێبینییەکی بەجێی هەبوو: ئەو کەنیسە نوێیە بۆ ئەو میسرییانەی کۆمپانیا میسرییەکە دروست کراوە، باشە سبەی ئەو کۆمپانیایە ئیشەکانی تەواو دەکاتو دەڕواتەوە، ئەی کەنیسەکەیان چیی لێ دێت؟ باشە بۆچی کەنیسەیەکیان بۆ خۆیان لە شوێنی کۆمپانیاکە دروست نەکرد؟ سەرچاوەکە دەڵێت دوو کەنیسە کۆنەکەی سلێمانی بۆ ئەو میسرییانە کراونەتەوە ئیتر کەنیسەی تریان بۆچییە.

بەرپرسەکان ناپرسن، وەك ناشپرسن ئاگایان لەدەوروبەری خۆیان نییە. ئەگەر ئاگادار بوونایە دەیانزانی کە لەم دواییەدا کێشەی گەورە لەنێوان موسڵمانەکانو قیبتییەکانی میسر ڕوویانداوە، دووریش نییە سبەی کێشەکە بۆ مەسیحییە ڕەسەنەکانی کوردستان بگوێزنەوە وەك چۆن کوردستان کێشەو ناکۆکیی کەم بێت.

وەك وتم بەرپرس پرسیار ناکات، بەڵام دەبێت ئێمە ئەو پرسیارانە بکەین، پرسیارێکی گرنگیش کە لێرەدا کاتی هاتووە ئەوەیە مەلاکانی کوردستان چییان وتووە سەبارەت بەو کۆتوبەندانەی بۆ مزگەوت دانراونو چی لەبارەی ئەو کەنیسە نامۆیانە دەڵێن؟

ڕاستە پاراستنی مزگەوت ئەرکی هەموو موسڵمانێکە بەڵام چاوەڕێ دەکەین مامۆستایانی ئاینی پێش هەموو کەس قسە لەسەر مزگەوت بکەن. جگەلە مزگەوتیش پێویستە مامۆستایان دەورێکی گەورەتر لە کۆمەڵگەدا ببینن، بەڵام دەبێت پێش ئەوە باسی کێشەیەکی قووڵتری دەوری مەلاکان بکرێت، لەم ڕووەشەوە چارەسەرێك پێشنیار دەکەم خۆم یەکەم کەس دەبم جێبەجێی بکەم:

مەلاکانی سوننە بەهۆی هەندێك بارودۆخەوە سەربەخۆییان لەدەست داوە، وڵاتە ئیسلامییەکان وەزارەتی ئەوقافیان دامەزراند تا کاروباری ئاین لەژێر دەستیاندا بێت. زیانێکی ئەو وەزارەتانەش بریتی بوو لە دەستکەوتێك بۆ مەلاکان کە ڕۆژگار سەلماندی گەورەترین زیان بوو“ بۆ مەلاکانیشو بۆ ئاینیش ئەویش مووچەی مانگانەی مەلا. مەلا وەك هەر مرۆڤێکی تر کاتێك سەربەخۆیی ئابووری لەدەست بدات سەربەخۆیی خۆی وەکو مەرجعێك لەدەست دەدات. بۆ ڕزگارکردنی ئیسلامیش پێویستە زانایان ڕزگار بکرێن، هەر وەك فەرموودە صەحیحەکە دەڵێت کە زانست بەهۆی نەمانی زاناکانەوە نامێنێت، بەڵام مەلا چۆن دەتوانێت ببێتە زانایەك بەو واتایەی لە شارستانیەتی ئیسلامیدا دەیبینین لەکاتێکدا ژیانەکەی کولەمەرگی بێت؟ کاتێکیش زانا بەڕاستی زانا بێت کە خاوەن هەڵوێست بێت بەڵام چۆن دەتوانێت خاوەن هەڵوێست بێت ئەگەر مووچەکەی لە حکومەت وەربگرێت؟

زانایان لەناو خەڵکدا (ئەوانەی پابەندی ئیسلامن) نەك لە ناوەندە حکومییەکاندا ڕێزیان هەیە کەچی ئەو خەڵکە لەمەڕ سەربەخۆیی ئابووریی مەلا کەمتەرخەمن، کە ئەمە حاڵی مەلاکانی شیعە نییە چونکە ئەوان سەربەخۆییەکی گەورەیان هەیە.

شيعەى خومس (پێنج يەك) بە ئيمامەكانيان دەدەن‌و ئەوانە تەسەڕوف لەو بڕە دەكەن. وەنەبێت ئەو خومسەى مەلاكانى شيعە وەريدەگرن خێرێك بێت‌و خێركەر بەفيزێكەوە بياندات، نەخێر، خێركەرەوەكو واجبێك ئەوە دەكات دەنا گوناهبار دەبێت، بۆيە مەلاكان خومسەكە بە سەربەرزييەوە وەردەگرن، ئەوان لاى جەماوەرى شيعە پارێزەرى ئاينن، لەوەش گرنگتر پارێزەرى مەزهەبن.

لاى خۆمان ڕەنگە كابراى خێركەر كاتێك دوا دينارى زەكاتى پێ دەمێنێت بيريبكەوێتەوە زەكات بە مەلا بدات، زەكات‌و سەرفترەش وەك خێرێك باس دەكرێن نەك وەك ئەركێك بەرامبەر بەو كەسانەى چاوەڕێى ئەوەيان لێدەكەين بەرگرى لە ئاين بكەن. لەبەر ئەوە سەير نەبێت ئيجتهاد لەناو مەلاكانى سوننەدا كەم بێت. مەلا كە بارى ئابووريى بەو نزمييە بێت ناتوانێت پەرە بە زانيارييە شەرعييەكانى خۆى بدات. خەڵكێك خەمى سەربەخۆيى ئابووريى مەلاكان نەبن شايەنى ئەوەن بە يەك كتێبى بچووكى فيقه بەڕێوەببرێن‌و پێويست ناكات مەلا لەبەر خاترى ئەوان لە مەزهەبى ئيمامى شافعى‌و ئەصحابەكانى لابدات، فەرموودەى لاوازيش سەروزياديانە، باسى لادانيش لە مەزهەب لەبەر فەرموودەى صەحيح، هەروەها ئيجتهاد لەدەرەوەى مەزهەب هەر مەكە، پێويستيش ناكات هەموو كاتێك هەڵوێست لە زيادەڕەوى بەرامبەر بە ئاين وەربگرن، فشاريش لەسەر دەسەڵات دواترين شتە بيرى لێبكرێتەوە.

ئەو شتەى لەهەموو موسڵمانێك داواى دەكەم‌و تا بۆم بكرێت لە چەند شوێنێكى تردا باسى دەكەم‌و داكۆكيى لەسەر دەكەم ئەوەيە هەموو موسڵمانێك لەسەددا دەى زەكاتەكەى بداتە مەلايەك يان چەند مەلايەك بۆ ئەوەى مەلا هێندە دەوڵەمەند بێت چاوى لە مووچەى حكومەت نەبێت. لێرەدا نابمە موفتى چونكە پێويست بە فەتوا ناكات: ئەو ئايەتەى باسى سنفەكانى زەكاتى كردووە هەشت سنفى دەستنيشان كردووە كە يەكێكيان بريتييە لە (فى سبيل الله). بۆيە داواكەم بەم جۆرە دەبێت:

ئەو كەسانەى زەكاتيان هەيە بەلاى كەمەوە خومس (لەسەددا بيست) بۆ (فى سبيل الله) جيابكەنەوەو نيوەى ئەو بڕە، واتە لەسەددا دەى هەموو بڕى زەكاتەكە بۆ مەلاكان جيابكەنەوەو ناوى (دە يەكى پاراستنى دين) يان (ئيمامانە) يان هەر ناوێكى گونجاوى ترى لێ بنێن، هەرچەندە هەموو سنفى (فى سبيل الله) بۆ پاراستنى دينە. ئەم بە واجب زانينەش دەبێت هێندە لەناو دڵى موسڵماناندا بچەسپێت كە خاوەنى پارەكە هەست بكات تاوانبارە ئەگەر نەيدات، بەم جۆرە لە منەت دووربكەوێتەوە، مەلاكەش كاتێك وەريدەگرێت بزانێت كە مافێكى خۆيەتى كە وەريدەگرێت. زانراويشە هەر كاتێك شتێك بە واجب زانرا بوار بۆ خۆدزينەوە يان لەبيرچوون نامێنێت. بەرامبەر بەوەش پێويستە مامۆستايان لەئاستى ئەو ئيمامەتييە بن‌و ئەم شتانە بە ئەركى خۆيان بزانن: كرانەوە بەرەورووى مەزهەبەكانى تر، وەرگرتنى بەڵگەى صەحيح هەتا ئەگەر موخالفى مەزهەبيش بێت، وەلانانى فەرموودە لاوازو هەڵبەستراوەكان، بەشێوەيەكى گشتى بڕەو بە زانيارييە شەرعييەكانى خۆيان بدەن تا لە ئاستى ئەو شارستانييە ئيسلامييە بن كە چەند سەدەيەك دەدرەوشايەوەو تا لەئاستى گۆڕانكارييەكانى كۆمەڵگەدا بن. لەڕووى هەڵوێستيشەوە چاودێر بن بەسەر دەسەڵات‌و ڕێگەى زيادەڕەوى نەدەن، بەڵكو فشاريش بخەنە سەر دەسەڵات‌و دەسەڵاتيش بەرەو شەرعى خوا بەرن.. تەنها بەم شێوەيەش ئيمامەتييان دەستدەكەوێت.

ئەم پەيوەندييەى نێوان جەماوەرو زانايان دەبێتە جۆرە عەقدێكى نەنووسراو لەنێوان هەردوو لادا كە ئەنجامەكەى پاراستنى دين‌و برەو پێدانى لەلايەك‌و ڕێگەگرتن لە لادان‌و زيادەڕەويى دەسەڵات لەلايەكى تر.

كەواتە دووبارە با بە ئەركێكى خۆمانى بزانين: هەر كەسێكى خاوەن زەكات بەشێكى بۆ مامۆستايانى ئاين دابنێت، وەك وتم فەتوا نادەم چونكە سنفى (فى سبيل الله) لە قورئاندا هاتووەو پێويست بە فەتوا ناكات، با لەسەر ڕێژەكەش ڕێكبكەوين: لەسەددا دە (يان وەك خەڵك دەڵێن دە يەك) كەمتر نەبێت، با لەسەر ناوەكەشى ڕێكبكەوين: (دە يەكى پاراستنى دين) يان

Zagros Web Site

(ئیمامانە)، ئەم ناوەی دواییش گونجاوە ئەگەر مامۆستایان بچنە ژێر باری ئەو ئەركە گەورەیە كە ببنە ئیمامێكی ڕاستەقینە جەماوەرە ئیماندارەكە.

من لەخۆمەوە دەست پێدەكەمو ئەو دە یەكەی پاراستنی دین دەدەمو چاوەڕێم كەسانێك خەمی مزگەوتو دینن چاوم لێبكەن، چاوەڕێشم مامۆستایان بڕیار بدەن بچنە ژێر باری ئەركەكانی ئیمامەتیو بڵێن ناوی (ئیمامانە)مان قبووڵە بۆ ئەو ئەركە داراییەی جەماوەری ئیمانداران.

Zagros Website